کوردستان نێت KURDISTAN NET

# دادگایی صدام

لەدریژەی چالاکی یەکانی کەمپیندا

## کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی کوردستان پەیوەست بوون بە کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسەوە !ل2

ژمارە 2


بڵاوکراوەی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسە

ژمارە (2) ، 18ی تەموزی 2004   4 لاپەرە   No. (2) 18th. July . 2004

# خەلکی کوردستان خوازیاری دادگایی کردنیکی ئاشکرای سەدام حسین و سەرانی بەعسن !







## سەروتار

### دەبێت سەدام حسین و سەرانی بەعس کێ و چۆن دادگای بکرین ؟

ریبوار عارف

بینیمان کە چۆن لەم رۆژانە دەزگاکانی راگەیاندن کرایە شانۆی نمایشکردنی مەهزەلەیەکی کەم وێنەو بۆ چەند خولەکێك نەك هەر رێگە بۆپاکانەکردنی دکتاتۆرێکی وەك سەدام حسین خۆشکرا، بەڵکو ژوری دادگایی کردن و لیکۆلینەوەی کردە مەیدانی هێرشکردن ونیشاندانی بەرهەق بوونی خۆی وحزب وحکومەتەکەی. بەرلە ئاماژەکردن بە هیچ هۆکارێکی سەرەکی بۆ ناشەرعی بوونی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس لە لایەن حکومەتی کاتی عیراقەوە، دەبێت بلێین ئەگەر رواڵەتی ئەم دادگایی کردنە بەڵگەی نالایەق بوونی حکومەتی کاتی بووبێت، ئەوا ناوەرۆکی مەسەلەکە ئەنجامدانی کودەتایەکی کتووپرە لە خەلکی عیراق بە کوردستانیشەوە، بۆ شەرعیەتدان بە دەستەلاتی کاتی خۆیان کە هاوکات بوو لەگەل ((گەرانەوەی دەستەلات بۆ عیراقی یەکان )). کە لە راستی دا پەیامی ئەم کودەتا فاشلە بەهێزکردنی دوو ئامانجی سەرەکی بوو کە زۆر پێشتر نەخشەی بۆکێشرابوو. بەرێکەوت نەبوو کە نمایشی دادگای کردنی سەدام کەوتە گەرماوگەرمی ئەو رۆژانەی کە کێ بەرکێی هەلبژاردن بۆ

بۆل-2

## دادگایی حکومەتی کاتی نوینەرایەتی شکاتنامەکانی خەلکی کوردستان و عیراق ناکات لەسەر سەدام حسین و سەرانی بەعس

بەدوای گوویزانەوەی دەستەلات بە حکومەتی کاتی ئیستەی عیراق وە بۆ شروعیت دان بەخۆیان و حکومەتەکەیان ، لەکەنالەکانی تەلەفزیونەوە سەدام حسین یان لە دادگایی بەناو دەستەلاتی عیراقی یەکاندا نیشاندا،بە خستنە رووی چەند بەشیك لە قسەکانی سەرنجی دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانیان بۆ خۆیان راکیشا.

خەلکی عیراق کە بۆ زیاتر لە سی دەیە بە دەست رژیمی فاشیستی سەدام و دارودەستەکەیەوە سەرکوت دەکران ، وە اعدام و ئەشکەنجەو کیمیاباران و ئەنفال، لەسەر دەستی ئەو رژیمەدا ببووە بەشیك لە ژیانی رۆژانەی ئەو خەلکە بەلام ئیستە لەگەل یەکەمین هەنگاو بۆ نمایشی دادگایی کردنی ئەو دکتاتورە هیچ مافیك بۆ هەمان خەلکی چەوساوەو ستەمدیدەی کوردستان و عیراق رەوا نابینری بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی دادگایی کردنی سەدام حسین

بۆل-4

## چالاکی یەکانی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس لە کوردستان

شاری سلیمانی :

رۆژی دوو شەممە بەرواری 21 / 6 / وەفدیکی کەمپنی دادگایی کردنی سەدام خسین و سەرانی بەعس کە پیکهناتبوو بەلە ریبوار عارف لیپسراوی کەمپین و دەشتی جەمال ئەندامی بالای کەمپین سەردانی وەزیری پەروەردە بەریز ( شەونم ... یان کردو پاش قەسو باسیك لەلایەن بەرپرسی کەمپینەوە لەسەر ئامانجەکانی تا ئیستەی کەمپین و چۆنیەتی هاوکاری کردن و ئەو بروارانەی کە وەزارەتی پەروەردە دەتوانیت دەوریکی تیدا بگیرن .... وە دواتر بەریز د . شەونم پاش ریزلینانیکی زۆری ئەم کارانە ووتی : ئەم دەست پیشخەریەی ئیوە بە دلنیایەوە پشتگیری لی دەکەین ، بەتابەت ئەوەی کە مەسەلەکە دادگایی کردنی سەدام و سەرانی بەعس و دەستەودیرەکەیەتی بۆیە ئیمە زور بە گرنگەو جیگەی پشتوانی یە ، ئەم پرۆژانە تا ئیستە جیگەیان خالی بووە ئەم هەولەی ئیوە هەنگاویکی باشە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشایی و دواتر ئامادەی خۆی دەربری بۆ هاوکاری کردن و بە خۆشحالی یەوە ئەندام بوونی خۆی لەم کەمپینەدا راگەیاندو ووتی بەهیوام کە وەك ئەندامیکی کەمپینەکە حسابمان لەسەر بکەن.

رۆژی یەك شەممە بەرواری 20 / 6 / 2004 وەفدیکی کەمپینکی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس کە پیکهاتبوو لە ریبوار عارف لیپسراوی کەمپین و دەشتی جەمال ئەندامی بالای کەمپین سەردانی کۆمەلەی زیندانیانی سیاسی کوردستان یان کرد، کە لیپسراوی کۆمەلەی زیندانیانی

بۆل-3

## ئێمەش پێ لەسەر دادگایی کردنی سەدام و سەرانی بەعس دادەگرین

ئێمە وەك گوندنیشانی شینکایەتی لە سنووری شارباژێر- سلیمانی کە بە دریژایی ( 35 ) ساڵەی دەستەلاتی رژیمی بەعسەوە فشارێکی زۆرمان لەسەر بووە ، ئەم رژێمە جگە لەسەرکوتکردنی گەلی عیراق و ئەنفال و کیمیایی و مالیورانی و راگواستن و دەربەردەری و هیچ بیرێکی تری نەبووە بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان .

ئالێرەدا ئیمە بەناوی گوندە رووخاو سووتاوەکانی کوردستانەوە بە ناوی (( گرووپی پەرەپیدانی توانای لاوان ))ی ئەم سنوورەوە فشار دەخەینە سەر دادگایی کردنی سەدام حسین و دارودەستەکەی ، ئامادەیی تەواومان هەیە بۆ پشتیوانی کردن لە(کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس ) .

با هەموومان یەك دەنگ و یەك بڕوابین لە سەرکەوتن و لە بڕیاری دادگایی

**گروپی پەرەپیدانی تونایی لاوان گوندەکانی شینکایەتی**

دادگایی سەدام و سزای ئیعدام

بۆل-4

**دادگایی کردنی صەدام و سەرانی بەعس پەیامی خەلکی کوردستانە بە حکومەتی ئایندە، ؟**

# کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی کوردستان پەیوەست بوون بە کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسەوە !

دوای ئەوەی کۆمەڵەی زیندانی یە سیاسی یەکانی کوردستان ئەندامەتی و پشتیوانی خۆیان لە کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس پێ ڕاگەیاندین هاوکات ڕۆژی 27 / 6 / 2004 بەیاننامەیەکیان لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە کە لێرەدا بەشێکی بڵاودەکەینەوە :

ئەمڕۆ هەڵمەتێکی دادگایی کردنی ئە ڕژێمە لە ئارادایە ، بە ناوی ( کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی ڕژێمەوە ) ئێمە وەك کۆمەڵەی زیندانی یە سیاسی یەکانی کوردستان کە نوێنەری ئەو توێژە تێکۆشەرەین لە پێشەوەی ڕۆڵەکانی میللەتەکەماندا بووین لەناو دەزگا داپڵۆسێنەرەکان و زیندانەکاندا چووینەتەوە بە گژی ئەو سیاسەتە فاشستیەدا ، لەو پێناوەشداسەدان هاوڕێ و هاوخەباتمان چوونەتە بەر پەتی سێدارە ، هەزارانمان تەمەنی گەنجێتی خۆیان لەودیو تەلبەنەکاندا بردووەتە سەر ، بۆیە وەك کۆمەڵەی زیندانی یە سیاسی یەکانی کوردستان دەست خۆشی لەو هەنگاوانە دەکەین کە دەنرێت بۆ دادگایی کردنی سەدام و ڕژێمەکەی ، وە ئەوەشی لە توانای کۆمەڵەکەماندا بێت دەیکەین وە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵەکەمان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن کە سەدام حسێن و سەرانی ڕژێمەکەی لەبەردەم دادگایی عادیلانەدا بە سزای خۆیان بگەن با هەموومان هەوڵەکانمان بە ئاراستەی ئەو دادگایی کردنە بێت .

کۆمەڵەی زیندانی یە سیاسیەکانی کوردستان
دةستةي بالآ
2004 / 6 / 27

**دادگایی کردنی صەدام حسین و سەرانی بەعس دەبیت بکریتە دادگای ناسیونال شۆڤێنیزمی عەرەبی و هاوکارەکانی لە بەرانبەر لەوتاوانانەی دەرحەق بەخەلکی کوردستانیان کردووە.**

## پاشماوەی سەروتار

سەرۆکۆمار لە ئەمەریکا سەراپا سیمای وولاتی داگرتووە، ئەمە لەکاتیدا بوو کە لە عیراقیشدا سەرەتای ڕۆژەکانی گەڕانەوەی دەستەلات بوو بۆ عیراقی یەکان لە دەورانی پێکهێنانی حکومەتی کاتی دا. کە هەردوو ئەم مەسەلە بۆ ئەمەریکا لە گرنگترین و چارەنووسازترین هەنگاوەکانی پیکانی ئامانج و سیاسەتەکانی ئەمەریکایە لە ناخۆو دەرەوەی وولاتدا.

ئامانجی ئەمەریکاو حکومەتی کاتی عیراق لە نیشاندانی ئەم نمایشە دەکرێت هەر شتیك بێت بەدەر لە لیکۆلینەوەو دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس، بەلام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە، قۆزتنەوەی ئەم هەلەو گۆرینی هۆلی دادگایی کردن بوو بۆ مەیدانی مانۆرلیدان و هیزنواندنی سیاسی و عەمەلی سەدام حسین نەك هەر بۆ داکۆکی کردن لەخۆی و ڕاوەستانەوە بەلکۆ بە کردوە بۆ هیرشکردن و تاوانبارکردنی ئەم مەهزەلەیەی کە ناونرا دادگایی سەدام حسین. بینیمان کە بەم هەنگاوە چۆن سەدام حسین کرایە قارەمانی زیندان و هەلخرێنەری ناسیونالیزمی و فاشیزمی عەرەب، کە ئەمەشیان دیارە کاریگەری یەکی درێژماوەتری دەبیت بۆ هێوەرکردنەوەو هاوسەنگ کردنی هاوکیشەکانی ناوخۆو دەرەوەی عیراق. بەدەر لەوەی کە ئەمەریکا بۆ خۆی لایەنیکی مەسەلەکانەو ناتوانریت بەهیچ شێوەیەك کارنامەی سیاسی سەدام حسین و سەرانی بەعس تاوانبار بکرێن بەبێ هێنانە ژێرپرسیار هەلۆیستی سیاسی وعەمەلی و دەورو هاوکاری و جیگەو ریگەی ئەمەریکا لە دەست ئاوالاکردن و پشتگیری کردنی هەنگاو بەهەنگاوی حکومەتی بەعس لە عیراقدا، لەلایەکی تریشەوە پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ حکومەتێك چ شەرعی یەتێکی هەبێت بۆ دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس، کە ژمارەیەکی زۆریدەستەلاتدارانی ئەمرۆی کۆنە بەعسی یەکانی دوینی یان ئەو ئیسلامیانەبن کە ئەگەر میژوو ریگەیان پی بدات ڕووی حکومەتەکەی سەدام حسین سپی دەکەنەوە.

گالتەجاری ئەم نمایشکردنە لەوەدایە کە حکومەتی کاتی عیراق بۆ شاردنەوەی راستی یەکان لیکولینەوەو دادگایی کردنی سەدام و سەرانی بەعس بەهەمان ئەو یاسایانە دەکات کە سەدام حسین و حکومەتەکەی پەسەندی کرون ، ئیستە پاش هەموو ئەم ڕووداوانە ئەو یاسایانە ئەوەندە ناوەڕۆکیکی گونجاو واقعی یان لەگەل سیاسەت و ئامانج وچوارچیوە گشتی یەکانی هەمان حکومەتی کاتیدا هەیە کە بە شانازیەوە پاش روخانی حکومەتی بەعس و دەستگیرکردنی سەرۆکۆمارەکەشی ، جاریکی تر رەسمی یەت دەدریتەوە بە هەمان ئەو یاسایانەی کە دەیان هەزار خەلکی عیراق و کوردستانی پی کرانە قوربانی . دەبیت ئەوەش بلین کە رەنگە ئەگەر هەر ادعایەکیش هەبیت بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم ڕاستی یانە ئەوا لە باشترین حالەتداو بە حوکمی سروشتی دەستەلاتی ئیسلامی سیاسی لە حکومەتی ئێستەو ئایندەی عیراقدا پەنابردنە بۆ یاساو داب و نەریت و دەستەلات و بنەماکانی ئیسلامی سیاسی کە ئەویش دیوێکی تری هەمان فاشیزمی بەعسە.

لایەنیکی تری ئامانجە شاراوەکانی پشت پەردەی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس لە عیراقدا لەوەدا خۆی نییشان دەدات کە چۆن زەمینەی سازش و خۆگونجاندنەوە لەگەل ناسیونالیزمی عەرەب و حکومەتە ئیسلامی یەکانی ناوەچەکەدا خۆش بکەن . کە دیارە ئەمەش تەنها بە قیمەتی پشت بکرنە زۆریك لەڕاستی یەکان و هەنگاو هەڵهینانەوەن بۆ پاراستنی بەرژوەندەیەکانی ئایندەی خۆیان و هیوەرکردنەوە پاراستنی وەزعەکە و نەوروژاندنی هیچ پرسیارو لێکۆلینەوەیەکن بە رووی ناسیونالیزمی عەرەب و حکومەتەکانی ناوچەکەو دەورو دەستەلاتیان لە پرۆسەی دەستەلات و کارنامەو تاوانەکانی بەعس دا . لەلایەکی ترشەوە هەر وەك باسمان کرد زۆریك لەوانەی کە ئەمڕۆ لە حکومەتی کاتی عیراقدا دەستەلاتیان بەدەستەوەیەوە تا دوینی خۆیان بەشیك بوون لە بەعس و بەرپرسی تاوانەکانی هەمان ڕژیمن . کەواتە خویندنەوەو تیگەشتنی ئەم هەولە کالۆ کرچەو کودەتاکەی ئەم رۆژانەی حکومەتی کاتی کاریکی ئاسانە بۆیە ئەگەر شانۆگەری دادگایی کردنی سەدام و سەرانی بەعس لەمرۆژدا بە قازانجی بەعس تەواوبیت هیشتا ئەم هەولە بە مەزن و میژووی لەقەلەم دەدریت .

گرنکترین مەسەلەیەك کە هەرجۆرە شەرعیەتیك بۆ دادگایی کردنی سەدام حسین لە حکومەتی کاتی دەسینیتەوە ، ئەوەیە کە کودەتایە شانۆگەریەکی دروستکراوبوو کە ریگەی هەرجۆرە دەخالەتیکی بە جەماوەری خەلکی عیراق و حزب و لایەنەکان و ریکخراوە جەماروەری و ئینسان دۆستەکان سەندەوە. خەڵکیك کە ماوەی 35 سالە بەعس لەسەر ئیسك و پرۆسکی ئەوان دەستەلاتی خۆی دامەزراندوەو سەدان هەزار قوربانیان داوە ، کەواتە پیشمەرجی سەرەکی بۆ دادگای کردنی ئەم تاوانبارانە تەنها لە کاتیکدا دەتوانیت شەرعیەتی هەبیت کە

کە دادگایی یەکی ئاشکراو جەماوەری مسۆگەر کرابیت و خەلکی عیراق و کوردستان بە ئاسنترین شیوە ڕێگەی دەخالەتیان هەبیت لە دیاری کردنی چارەنووسی سەدام حسین و سسەرانی رژیمیکدا کە میژووی دەستەلاتداریەتیان لە ماوەی 35 سالی رابردودا تەنها بریتی بووە لە بەکارهینانی زەبروزەنگ و چەوسانەوە سەرکوت و کوشت و کوشتارو گۆری بەکۆمەل و ئەنفال و کیمیاباران و اعدام و شەرو کوشتارو پاکتاوکردن و ...

ماوەتەوە کە بلین خەلکی کوردستان خوازیاری دادگایی کردنیکی ئاشکرای سەدام حسین و سەرانی بەعس ، خەلکی کوردستان خوازیاری دادگایی کردنی هەموو ئەو تاوانبارو ئەنقال چی یەکانن ، خەلکی کوردستان خوازیاری دادگایی کردنی هەموو ئەو کەسانەن کە پیشقەرەولی راگویزان و کاول کردن و سووتان و کیمیا بارانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بوون ، خوازیاری دادگایی کردنی لپیسروان و ئەنجامدەرانی سیاسەتی پاکتاوکردن و شوفینیتانەو کۆچی زۆرەملین. .

**پاش ماوەی چالاكی یەكانی كەمپینی ..**

سیاسی كوردستان بەریز شیخ فەتاح و هەروەها هەردوو بەریز رزگار و سالار تاهیر پیشوازیان كرد.

پاشان لیپسراوی كەمپین قسەو باسیكی كرد لە پەیوەند بە ئاماندجەكانی كەمپین و كارەكانی تا ئیستەو ئاستی چاوەرانی یەكانی كەمپین بۆ هاوكاری كردنی كۆمەلەی زیندانیانی سیاسی و لەگەل ئەم پرۆژەیەدا . پاشان بەریز شیخ فەتاح پیشوازی یەكی گەرمی كرد لەبەرپرسانی كەمپین و وكاروئامانجەكانی تا ئیستەو هەروەها بەلینی هەرجۆرە هاوكاریەیكی دا و هاوكات ریگەیاند كە خۆشحالن بەوەی كە وەك ئەندامی كەمپین حسبیان لەسەر بكریت....
پاشان دواتر پیشینیاری كرد كە بۆ بەدواچوون و دیاری كردنی سیغەیەكی دیاری كراو كۆبوونەوەیەك لەگەل ئەندامانی لیژنەی بالای كۆمەلەلدا سازبكریت . كە ئەوە دوو رۆژ دواتر بۆ ئەمە مەبەستە كۆبوونەیەكی تر لەگەل بەریزان ( شیخ هیشام و بەریزو رزگار تاهیر ئەنجام دراو لەویدا چەند خالی گرنگ رونكرایەوەو لە پەیوەند بەە چۆنیەتی هاوكاری كردنی كۆمەلەی زیندانییانی سیاسی كوردستان لەگەل كەمپینی دادگایی كردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس دا ، كە لەوانە دەركردنی راگەیاندنیك بۆ پشتگیری و پەیوەست بوونی كۆمەلە بە كەمپینەوە. ئیمزاكۆكردنەوە لە سنووری ئەو ناوچانەی كە خۆیان بنكەی یان كۆمەیتەیان هەیە . هاوكاری كردن لە بواری اعلامدا . دانی نسخەی هەموو ئەو شكاتنامەی كە زیندانیای سیاسی پریان كردوەتەوە.

شاری هەولێر:

رۆژی 11-7 وەفدیكی بالای كەمپین كە پیك هاتبوو لە دەشتی جەمال جیگری بەرپرسی كەمپینی دادگای كردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس لەكوردستان وشۆرش كەریم ئەندامی بالای كەمپین ویوسف قادری نۆینەری كەمپین لەشاری هەولیر چاویان كەوت بە بەریز شەوقی حوسین ئەندامی سەركردایەتی حزبی بزووتنەوەی میللی كوردستان وسەرنوسەری رۆژنامەی دەنگی میللەت ، وەفدی كەمپین لەم چاوپێكەوتنەدا لەسەر كارو هەلسوران وئامانجەكانی كەمپین بەدریژی قسەوباسیان كرد ،هەروەها لەسەر گرنگی دەوری جەماوەری كوردستان لە دادگای كردنی سەدام وسەرانی بەعس بۆ دادگایكی ئاشكراو عادلانە وگرنگی هاوكاری حزب ولایەنە سیاسیەكان بۆ كەمپین كرد.

بەریز شەوقی حوسین پیشوازی گەرمیان لە چالاكی یەكانی كەمپین كرد وبریاریان دا ئیمزا بۆ كەمپین كۆبكەنەوەو لەرۆژنامەكەیاند دەنگی میللەت ا بەچاوی بایەخەوە هەلسورانەكانی كەمپین بلاو بكەنەوە.

رۆژی 12تەموز(دەشتی جەمال ، شۆرش كەریم،یوسف قادر)لەكەمپین چاویان كەوت بە بەریزان(غەفورمەخمور،خالدمەحمود)ئەندامانی سەركردایەتی و(ئەمیر ئیسماعیل)ئەندامی مەكتەبی ناوەندی راگەیاندن لە حزبی یەكیتی نەتەوەی دیمكراتی كوردستان.

دەشتی جەمال لەسەر ئامانج وچالاكی یەكانی كەمپین لەسەرتاسەری عیراق وكوردستان وهاندەران وەهەروەها لەسەر ریوایەتی دادگای كردنەكەی سەدام وتاوان بارانی بەعس وكاری كۆكردنەوەی زانیاریەكان وشكایەت نامە تایەبەتی یەكان وگرنكی هاوكاری مادی ومەعنەوی حزب وكەسایەتی ولایەنەسیاسەیەكان وبەدریژی قسەوباسی كرد .

بەریز غەفور مەخمور لەگەل خۆشحالی خۆیان بە بوونی كەمپینی دادگای كردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس راگەیاند وبریاریان داپشتیوانی وهاوكاری كەمپین بكەن ولەرۆژنامەكەیان هەلسورانەكانی كەمپین بلاو بكەنەوە وزانیاریەكی زۆر كەلەسەر تاوانەكانی سولتان هاشم هەیە كۆپی بخەنە بەردەم كەمپین وئیمزا لەریزەكانی خۆیان بۆ كەمپین كۆبكەنەوە

بەدوای كۆبوونەوەكە(دەشتی جەمال،شۆرش كەریم) بەرۆژنامەی میدیا چاوپیكەوتنیان ئەنجام دا.

هەمان رۆژ وەفدی كەمپین سەردانی حزبی بزووتنەوەی دیمكراتی گەلی كوردستانیان كرد چاویان كەوت بەبەریز(خدر روسی )سكرتیری بزووتنەوەی دیمكراتی گەلی كوردستان وبەریزان(خلیل باپیر،تحسین یاسین،خلیل محمود،نەهرۆ جەلال) لەئەندامانی سەركردایەتی ،دەشتی جەمال وشورش كەریم ویوسف قادر لەسەر ناساندنی كەمپینی دادگای وچالاكی وئامانجەكانی وگرنگی دەوری خەلكی عیراق وكوردستان لەداگای سەدام وتاوان بارانی سەرانی بەعس ودووبارە نەبوونەوەی تراجیدیای ئەنفال واعدام وگۆری بەكۆمەل وئەتك كردن وكیمیا باران لەراستا دامەزراندنی یاسای تازەی عیراق دەوری ئیرادەی كردنی خەلكی كوردستان ودووبارەنەبوونەوەی ئەو یاسا نامرڤانەی رژیمی پیشو بەدریژی قسەو باس كرا ولیستی ئیمزا كۆكردنەوە یان پێ دراز

بەریز(خدر روسی) وەك ئەندامی كەمپین وخۆشحالی خۆیان لە كارو چالاكی یەكانی كەمپین ویارمەتی دانی شوین وهاوكاری بەگویرەی توانای خۆیان خستە اختیاری كەمپینەكەو لە دەزگای رادیوی وە تەبلیغاتی كەمپین بكەن وئیمزا كۆبكەنەوە.

وەفدیكی بالای كەمپین لەپەرلەمان كۆبووە:

رۆژی 13 مانگ وەفدیكی بالای كەمپین لە پەرلەمانی كوردستان لەهەولیر كە پیك هاتبوو لە(دەشتی جەمال ،شۆرش كەریم ،یوسف قادر)



لەگەل بەریز(تارق جامباز)بریاردەری فراكسیونی كەسك لەپەرلەمانی كوردستان كۆبووە.

دەشتی جەمال لەسەر داوای خۆیان باسی لە پیداویستیەكانی كەمپین كرد ولەسەر چالاكی وهەلسورانەكان وئیمزاوپشتیوانی پاریزەران ودكتورو نۆسەران ورۆشنبیرانی كوردستان ودەوری شەقامی كوردی لە هاوكاری وئەوپەری پشتیوانی یان لەكەمپینی دادگای كردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس باس لی كرد وكاردانەوەی لەنیو جەماوەرو وحزب ولایەنەكاندا ودەوری دادگای كردنی ئاشكرای سەدام وتاوان بارانی بەعس.

بەریز(تارق جامباز)خۆشحالی خۆیان لەچالاكی یەكانی كەمپین دەربری داوای لیستی تایبەتی كرد بۆ ئیمزا كركردنەوە لەنیو ئەندام پەرلەمان ولیستی پیداویستیەكان بەدەستیان بگات وبیخەنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

وەفدی كەمپین رایان گەیاند ئەو لیستانە وئیمزاكان ئامادەدەكەن ولەئایندەدا بەدەستیان دەگات.

لەم ماوەیەدا 6000هەزار ئیمزا لەشاری هەولیر كۆكراوەتەوە لەلایەن هەسوراوانی كەمپینەوە (یوسف قادر،بەكر تەیفور) وهاوكات بۆ هەمان مەبەست سەردانی چەند وحزب ولایەن كراوە وئیمزای خۆیان داوە بەدادگای كردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس كە ئەمە ناوەكانیانە(بزووتنەوەی دیمكراتی گەلی كوردستان،سەنتەری ئالابۆ پەرپیدانی رۆشنبیری ولاوان،ناوەندی كۆشكی هونەری لەپایتەخت،تیپی هونەری هەولیر،راگەیاندنی حزبی شیوعی كوردستان،هەفتە نامەی ریگای كوردستان.

یوسف قادر چاوپیكەوتن لەگەل كەنالی تەلەفزیونی بی بی سی وكەنالی كوردستان تی ڤی ئەنجام ئەدات.

ناوچەی گەرمیان:

بەرپرسی كەمپین لە ناوچەی گەرمیان ( بەرزان ئەمین حاجی ) پێی ڕاگەیاندین لەچەند شارو شارۆچكەی گەرمیانەوە (كەلار ،خانەقین،كفری و رزگاری) حملەیەكی بەرفراوانی ئیمزا كۆكراوەتەوە بۆ دادگای كردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس بەرێ خرا و ئیمزای چەند هەزار كەسیان كۆكردووەتەوە و ڕەوانەی ئێمەیان كردوەتەوە لە سلێمانی ، سەردانی چەند لایەن ورێكخراوی جەماوەریان كردووە . هەروەها لە شاری چەمچەماڵ و دێهاتەكانی دەوروبەری لە لایەن ( بەختیار جەمال ) نوێنەی كەمپین لەو ناوچەیە زیاتر لە 1200 ئیمزا كۆكراوەتەوە .

شاری كەركوك :

بەپی راپۆرتیك كە لەلایەن هەردوو هەلسوراوی كەمپین ( ریبوار اسعد و نەژاد فەرج)ە وە بە دەستمان گەشتووە ، لە سەردانیكی شاری كركوك دا توانیان زیاتر لە 800 ئیمزای جەماوەری كۆبكەنەوە لە گەرەكانی شوریجەو ئاوارەكان و هەندیك دوكان و بازاری تر.

# کۆمەکی مالی بە کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس بکەن !

بیهینە بەرچاوی خۆت کەمپینك کە دەویت دەوریکی جددی و بەرچاوبگریت لەپرۆسەی دادگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسدا ، کەمپینك کە لایەنی کەم خاوەن هەزاران دۆکیومەنت و شکاتنامەبیت ، کەمپینك کە خاوەنی بلاوکراوەو بەرنامەی رادیو تەلەفزیون بیت ، کەمپینك کە بیەویت زورترین ئاستدا دەنگی بکات بە سەدان حزب و ریکخراو نیقابەی کریکاری و ریکخراوی ئینسانی و نیهادی پەیوەندارو پەرلەماندا،کەمپینك کە بیەویت لە زووترین کاتدا پشتگیری دەیان و سەدان پەرلەمانتاریست و پاریزەرو کەسایەتی ناسراوی جیهان رابکیشیت، کەمپینك کە پیویستی بە ژمارەیەکی بەرچاو لە کارمەندو پایزەرو لیکولەرەوە هەبیت، کەمپینك کە بیەویت خۆپیشان وکەرنەڤالی گەورە سازبدات، کەمپینك کە بیەویت لە ئاستیکی هەرجی زیاتردا بیەویت کە نارەزایەتی جەماوەر دژ بە کارنامەی بەعس و سەرانی رژیمە فاشیستەی ریکبخات ، کەمپینك کەبیتەویت زۆرترین پشتوانەی نیودەولەتی بۆ پشتگیری کردن لە ئامانج و خۆزگەکانی خەلکی کوردستان و عیراق بە دەست بهینیت ، کەمپینك کە ...... بە دلنیای پیویستی بە زۆرترین هاوکاری و کۆمەکی مالی هەموو لایەکە ، کە دیارە بە پلەی یەکەم روومان لە دام و دەزگاکانی حکومەت و وەزارەت و حیزب ولایەنەکانە.

بەلام نابیت لە یادمان بچیت کە کۆمەك و هاوکاری یەك بە یەکی خەلکی کوردستان و هەر ئازادیخوازیك لەم بارەوە یەکیك لە گرنگترین هەنگاوەکان و هەلوییست نیشاندانی هەر تاکیکە کە خوازیاری بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی کەمپینی دادگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسە.جیگەی خۆیەتی لیرەدا زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە تا ئیستا لەم بارەوە ئەگەر بەدانی کەمترین ریژەیەکییش بووبیت کۆمەکیان بە کەمپینەکەمان کردوە، بەهیواین کە نموونەیان زۆربیت.


## دادگایی صدام

بلاوکراوەی

کەمپینی دادگایی کردنی

صدام حسینوسەرانی بەعسە

**سەرنووسەر:**

رێبوار عارف

fediraq@welho.com

**ژمارە تەلەفون:7569028**

**ناونیشان :**

شەقامی قەنات - بازاری

شنروێ


# دادگایی سەدام و سزای ئیعدام

سامان ئەحمەد

ئەو سزایە چی یە کە دەبیت بەسەر سەدام و سەرانی تاوانباری تری رژیمەکەیدا بدریت ؟

سەدام حسین تاوانباریکی ئاسایی ناو کۆمەلگا نی یە کە تاوانی بەرامبەر کەسیکی تر یان چەند کەسیکی تر ئەنجام دابیت ، سەدام حسین رابەر و رمزی بزووتنەوە و دەسەلاتیکی قەومی دکتاتۆری و شۆفینیستی بوو ، بە شیوەیەکی مونەزەم بە بەرنامە بەزۆری چەك و زیندان و داپلۆسین و تۆقاندن بە ئاستی تاوانەکانی هتلەر و مۆسۆلۆنی تاوانی بەرامبەر بە خەلکی عیرا ق و کوردستان ئەنجام داوە و سەرسەخترین دەسەلاتی دیکتاتۆری بۆ ماوەی 35 سالْ بەسەر چەند نەوە لە خەلکی عیراقەوە دریژە پیداوە و ئەمرۆ لە قەفەزی دادگادایە. بۆ خەلکی ستەمدیدەی عیراق و کوردستان دادگایی کردن و سزادانی سەدام و سەرانی رژیمەکەی دادگایی کردنی دەسەلاتیکی رەشی دکتاتۆرە کە تا ئیستا ئازاری تاوانەکانیان لە دلْ و دەروونیاندا کلپە دەدات . دادگایی ئەم جۆرە کەسانە وەکو دادگایی کردنی کەسانی ئاسایی نی یە کە بە پیّی برگە ئاسایيەکانی قانونی هەر وولاتە دادگایی دەکرین ، ئەم جۆرە دادگایی کردنە پابەندی هیچ جۆرە هۆلیکی دادگای داخراوو هیچ بریار و حوکمی حاکمیکی هۆلی دادگا و هیچ بەندیکی قانونی نی یە بەوەی ئایا حوکمی ئیعدام لە قانون دا هەیە یان نا ، بەلکو دادگایی یەکی لەم جۆرە دەبیّ دادگایەکی ئاشکرا بیت خەلك بتوانیت دەخالەتی تیا بکات و بریار لەسەر سزادان و چارەنووسی ئەم تاوانبارانە بدات .

بەلام ئەمرۆ لە لایەکەوە ئەمریکا دادگایەکی داخراوو نیمچە ئاشکراو دوور لە دەخالەتی خەلکی سازداوە . لە لایەکی تریشەوە بەشیك لە حکومەتەکانی ناوچەکە و جیهان حزبەکانی عیراق و کوردستان داوای ئەوە دەکەن کە سەدام ئیعدام نەکریت تەنانەت یەکیتی وپارتیش هەمان هەلویستیان نیشان داوە ! دواجار جەلال تالەبانی بە ئاشکرا سەبارەت بە ئیعدام نەکردنی سەدام هەلویستی حزبەکەی نیشان دا . ئەم هیزانە سەرەتا بیانوی ئەوەیان هەبوو کە بە قەراری بریمەر سزای ئیعدام لە عیرا قدا هەلگیراوە بەپیی بریاریکی بریمەر، دواتر یش لە ژیر ناوی دژایەتی تیرۆردا خەریکی گیرانەوەی سزای ئیعدام بوون. ئەمرۆش بە بیانوی جۆراو جۆر و بیّ ناوەرۆك دەیانەوێ سزای سەدام و تاوانبارەکانی تر بە پیی بەرژەوەندیەکانی خۆیان وە دوور لە دەخالەتی خەلکی عیراق دابنین.

مەبەست و نیازی ئەم حکومەت و حزبانە لە ئیعدام نەکردنی سەدام چی یە ؟ کیشمە کیشی نیوان سزای ئیعدام و ئیعدام نەکردن لەسەر چی یە ؟ دادگایی کردنی سەدام و سەرانی رژیمەکەی بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دادگایی کردنی تاوانبارانیك نی یە کە بە ئاگر و ئاسن حوکمی عیراقیان کردووە بەلکو مانۆریکی تری سیاسی یە بەسەر ناسیۆنالیزمی عەرەبدا بە مەبەستی قبولْ کردنی هەژمون و بریارەکانی ئەوان لە ناوچەکەدا. بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبیش بەرگری لە سەدام بەرگری کردنە لە هەیبەت و بەرژەوەندی سیاسی و جیّ و ریّی خۆیان لە ئالْ و گۆرەکانی ئەمرۆدا. هەربۆیە ئاسایی یە لەم نیوەدا بە پیّی بەرژەوەندی و سیاسەتی رۆژی خۆیان لە بەرامبەر یەکتردا مامەلە بە پرۆسەی دادگایی کردنەکەوە بکەن، ماوەیەك کپی بکەن و ماوەیەك بیهیننە کایەوە یان ماوەیەك توندی بنوینن ماوەیەك نەرمی بنوینن لەگەلْ یەکتردا . لەبەرئەوە بۆ ئەم هیزانە دادگایی کردنی سەدام شانۆگەریەکی سیاسی یە و هیچ پەیوەندیەکی بە خواست و بریاری خەلکی عیراق و کوردستانەوە نی یە .

### پاشماوەی... دادگایی حکومەتی کاتی نوینەرایەتی

دا. ئەم هەنگاوەی حکومەتی کاتی ئەوپەری پیشیلکاری دەوری جەماوەری عیراق و کوردستانەو لە دیاری کردنی چارەنووسی سەدام و ئەو تاوانبارانەی کە دەستیان هەبوو لە کوشت و کوشتاری جەماوەری ملیونی عیراقدا .

ئەم دادگایەی ئەمرۆ بەهیچ شیوەیەك شەرعی یەتی نیەو رای خەلکی عیراق و کودستانی لە پشتەوە نیە . دەسەلاتدارانی حکومەتی کاتی کە لە ریگای پشتوانی و هاوکاری ئەمەریکاوە بە کورستی دەستەلات گەیشتوون ئەمە لە کاتیکدا کە بە شیککی زوری دەستەلاتدارانی ئەمەریکا

هەمان تاوابارن و هاوکارانی دوێنی سەدام حسین و سەانی رژسمەکەین و شایستەی بەدادگایی کردن و سزادانن ، نەك دەستەلات بە دەستەوە گرتن .

ئیمە وەك کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس ، ئەم دادگایی کردنە بە رەسمی ناناسین و سەردام و سەرانی بەعس و تاوابارنی دەبی لەدادگایی یەکی نیودەولەتی دا بە ئامادە بوونی نووینەرانی ریکخراوە جەماوەری و پیشەی یەکان و ریکخراوەکانی مافی مرزۆ و هەموو ەئوانەی کە مودەعین لەسەر سەدام و سەرانی رژیمەکەی دەبیت لەو دادگایی کردنەدا بەشداری بکەن .

ئەمە تەنها زامنی دادگایی یەکی عادلانەیە بە رژیمیك کە 35 سال جەماوەری ملیونی عیراق و کوردستانیان دەکردە قوربانی !

کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس

1 / 7 / 2004


**سوپاس پیزانین**

**بەریز ئاسۆی حاجی محمد بامۆکی کە کۆمەکی کردین بەکردنەوەی نوسینگەکەمان و بری 1000دۆلار**